# حەمەسەعید حەسەن:

## زۆریی جەماوەر، نیشانەی بەهرەمەندیی هیچ داهێنەرێك نییە!!



حەمەسەعید حەسەن لەنێوەندی ئەدەبی ئێمەدا نووسەرو ڕەخنەگرێکی تایبەتمەندە، خاوەنی ڕێچکەیەکی تایبەتە لە ڕەخنەگرتن، بەڵام بەردەوام نووسینەکانی لای زۆر کەس مایەی نیگەرانین، هەروەك چۆن خۆیشی زۆرجار بە کارەکتەرێکی توندوتیژ دەناسرێت لە ناو نووسینەکانیدا، بەڵام لە ژیانی تایبەتیدا ئەم سیفەتە تەواو پێچەوانەیە، ئەو کەسێکی لەسەرخۆو هێمنە، زۆر بە ڕاشکاوی وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.. هەرچۆنێك بێت بۆ ڕەخساندنی دیالۆگێکی بێ سانسۆرو دوور لە هەموو مەبەستێکی تایبەت لەم دیدارەدا حەمەسەعید حەسەن زۆر بە ڕاشکاوی دەدوێت.

**سازدانی :دانا وکامەران**

***لە ئەزموونی نووسینتدا هەست بە جۆرێک ڕەقی دەکرێ لە زمانەکەتدا، ئەمەش وایکردووە کە زۆرجار پەرچەکردار لەلایەن خوێنەرو نووسەرانەوە لەسەر نووسینەکانت دروست بێ، بەڵام ماوەیەکە دەبینین، بەتایبەتی پاش گەڕانەوەت بۆ کوردستان ئەم زمانە جۆرێک لە نەرمیی پێوە دیارە، هۆکاری ئەم گۆڕانکارییە چییە؟**

—ڕاستە، ئەگەر ڕەخنە لە دەسەڵات بگرم زمانەکەم زبرە. قسەیەکی باو هەیە دەڵێ (قسەی هەق، ڕەقە)، بەڵام کاتێک ڕەخنەی سیاسیش دەگرم، هەر هەوڵدەدەم بە زمانێك بنووسم، کە لە زمانی نووسینی ئەدەبیو زمانی شاعیرو ڕەخنەگرێکی ئەدەبییەوە نزیکتربێ، وەك لە زمانی ڕەخنەگرێکی سیاسی. هەستدەکەم بەشێکی زۆر لەو نووسینانەم کە دەکەونە خانەی ڕەخنەی سیاسییەوە ئەشێت وەختی خۆمم بەفیڕۆدابێ، هەر لەبەر ئەوەشە ئەگەر بەگشتی سەیری بەرهەمەکانم بکەن، لەوانەیە لە سەدا دە یان کەمتری ڕەخنەی سیاسی بنو بکەونە خانەی سیاسەتەوە.

من خۆم بواری کاری خۆم بە ئەدەب دەزانمو زیاتر کارم لەسەر شیعری هاوچەرخی کوردیو چیرۆکی هاوچەرخی کوردی کردووە وەك ڕەخنەگرێك، نەك وەکو لێکۆڵەرێکی سیاسی کارم کردبێ‌و خۆیشم بە لێکۆڵەرەوەی سیاسی نازانم. بۆ مەسەلەی زمانی نووسینەکانم کە هەندێك جار زبرە، وەکو وتم مرۆڤ کاتێك ڕەخنە دەگرێ لە دیاردەیەکی گەندەڵ یان دیاردەیەکی دزێو، دیارە پەخشانە شیعر نانووسێ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم، ئەگەر لە نووسینێکدا وشەی زبرم بەکارهێنابێ، ئەو وشە زبرانە زادەی هەڵچوون نین و بە وریاییەوە هەڵمبژاردووەو توانیومە وشەیەکی نەرمتر بخەمە ئەو ڕستەیەوە، کە خوێنەر لەوانەیە بە زبری بزانێ.

***بەڵام من بۆچوونێکی پێچەوانەم هەیە. تۆ دەڵێی زیاتر ڕەخنە سیاسییەکانم بە زمانی زبر نووسیوە، بەڵام گەلێك ڕەخنەی ئەدەبیت هەیە، کە بەهەمانشێوە بە زمانێکی زۆر زبر نووسیوتە، بۆ نموونە لەسەر کارەکانی شێرکۆ بێکەس‌و بەختیار عەلی‌و ڕەفیق سابیر... چەندین ئەدیبی تر.**

—من هەرگیز لەسەر کەسم نەنووسیوە، هەمیشە لەسەر بەرهەمی کەسێك یان هەڵوێستی کەسێکم نووسیوە، ئەگەر مەسەلە ڕەخنەگرتن لە شیعرو چیرۆکیش بووبێ، هەر کاتێك لە ڕووی ئایدیۆلۆژی‌و سیاسییەوە هەستم کردبێ ئەو دەقە هاندانێکی تیایە بۆ نموونە بۆ شەڕی ناوخۆ یاخود پێم وابووبێ ئەمە خزمەت بە کێشەی گەلەکەمان ناکات یان خزمەت بە کێشە خەڵکی چەوساوە ناکات، دەشێ وشەی زبرم بەکارهێنابێ، ئەگینا من کە ڕەخنەی ئەدەبیم نووسیوە، ڕەنگە عەیبی سەرەکییان ئەوە بێت کە بە زمانێکی شیعری نووسیومە.

بۆیە دەڵێم هەرگیز باسی شێرکۆ بێکەس‌و بەختیار عەلی و هیچ نووسەرێکی ترم نەکردووە، بەڵکو باسی بەرهەمەکانیانم کردووە. من بەپێچەوانەی ئەوانەوەم کە پێیان وایە دەق هیچ پەیوەندییەکی بە نووسەرەکەوەی نییەو پێم وایە هەموو دەقێك نووسەرەکەی خۆی تیایە، بەڵام هیچ شتێکی تایبەتیم لەگەڵ هیچ نووسەرێکدا نییەو زۆر ڕێزی تایبەتیم هەیە بۆ ئەو هێژایانەی ناوتان هێنان، بەڵام دەشێت ئەوان ڕۆمانێك یان شیعرێکیان نووسیبێ‌و من ڕەخنەم لێگرتبن، ڕەخنەکە ئەوان بە توونـدی تێبگەن یان خوێنەرێك، من هیچ مەبەستێکی تایبەتیم نەبووەو تەنها باسی بەرهەمە ئەدەبییەکانیانم کردووە.

***بەڵام هەندێك جار لەو باسکردنە ئەدەبییانەدا، هەڵوەستەت لەسەر چەند لایەنێکی ساکاری بەرهەمەکان کردووە، بۆ**

**نموونە وەكو لایەنی زمانەوانیو فاریزەو خاڵبەندی. گەلێك كەس پێیان وایە ئەم خۆسەرقاڵكردنەت بە فاریزەو خاڵبەندییەوە دوورت دەخاتەوە لە لایەنە جوانو داهێنانەكانی ئەو تێكستانە..**

—بەڕاستی ئیشم لەسەر فاریزەو خاڵبەندی نەكردووەو هیوادارم بیرم بخەنەوەو پێم بڵێن لەكوێ ئیشم لەو لایەنە كردووە. لەوانەیە باسم لە هەڵەی زمانو ڕێزمان كردبێ، چونكە پێم وایە نووسین بە پلەی یەكەم زمانەو دەڵێم كەسێك زمان نەزانێ هەق نییە بنووسێ. نووسەرو شاعیر نەك هەر دەبێ زاڵبن بەسەر زمانی خۆیاندا، بەڵكو دەبێ گەشەیشی پێ بدەن. من خۆم كە دەنووسم هەرگیز فاریزەیەك یان نیشانەی پرسیارێك لەخۆڕایی دانانێم. نووسەر هەیە ڕستەیەك دەنووسێو شەش نوقتە دائەنێ، یان چوار نیشانەی سەرسوڕمان دائەنێ، بەڕاستی ئەمە نیشانەی نەشارەزاییە. نووسەری شارەزا هەرگیز نیشانەی پرسیارێك یان نیشانەی سەرسوڕمانێك لە ختوخۆڕایی دانانێ. ئەگەر تۆ بێیت سەیری نووسینەكانی من بكەیت، لەوانەیە بڵێم باسی هەموو لایەنەكانی ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەم كردووە، دەشێ لە قۆناغێكی ژیانما زیاتر گرنگیم بە فیكر یان ناوەرۆكی بەرهەمەكان دابێ، بەڵام هەر لەسەرەتاوە گرنگیم بە تەكنیكی بەرهەمەكان داوە. بەردەوام كە كۆمەڵێك شیعرم بەسەركردۆتەوە، بۆ وێنەی شیعر گەڕاوم، بۆ ڕەمز گەڕاوم، باسی زمانی نووسینم كردووە، ئەگەر ناوبەناو شاعیرێك وشەیەكی بە هەڵە خستبێتە ڕستەوە یان لەڕووی ڕێزمانەوە بەهەڵداچووبێ و باسم كردبێ، ئەوە كەموكوڕییەك نییە لە نووسینەكانی مندا، بەڵكو كەموكوڕییە لە نووسینەكانی ئەو نووسەرانەدا، ئەوان خۆیان هەوڵیان نەداوە شارەزای ڕێنووس و گرامەر بن، نەك هەر ئەوە، بەڵكو سەلیقەی ئەوەشیان نەبووە بە كەسێكی نیشان بدەن، كە لەو بوارەدا لە خۆیان شارەزاترە.

***گەلێك جار نووسینی تۆمان خوێندۆتەوە، كە لەسەر (بەختیار عەلی)ت نووسیوەو موحاسەبەتكردووە لەسەر (واو)ێك، یان پێت وتووە ئەو دوو وشەیە بەجیا دەنووسرێو بەیەكەوە نانووسێنرێ... لە كاتێكدا ئێمە دەزانین بەختیار زمانێكی شیعریو زۆر جوانی هەیە لە نووسیندا، لە هەمانكاتدا كەسانێكی زۆر هەن زمانی نووسینیان زۆر خراپەو پڕە لە هەڵە، كەچی بێدەنگی لێیان. تۆ بۆچی دێیت تەنها لەسەر (بەختیار عەلی) دەنووسیو بێدەنگی لە ئاستی ئەوانی تردا؟**

—ڕاستە من باسی زمانی بەختیارم كردووە، بەڵام تەنها باسی ئەو لایەنەیم نەكردووە. لەوانەیە لەسەدا یەكی نووسینەكانم كە لەسەر بەختیارم نووسیوە باسی زمانەكەی بێت. ئینجا بەلای منەوە بەختیار زمانەكەی جوان نییە وەكو تۆ دەیڵێی، بەڵكو بە زمانێكی هەژار دەنووسێو ئەو كوردییەی ئەو ئەیزانێ، كوردییەكە بەهیچ شێوەیەك پاراو نییەو پڕە لە وشەی عەرەبیو من هیچ بە زمانەكەی سەرسام نیم. ڕاستە زمانەكەی ئەو زمانێكە تایبەتە بە خۆی، بەڵام بەڕاستی زمانێكی جوان نییە، لەگەڵ ڕێزم بۆ ڕۆمانەكانی، بەڵام هەستدەكەم وەك شاعیرێك زۆر غەدری لە زمان كردووە. (گۆران) وەك شاعیرێك زۆر گەشەی بە زمانی كوردی داوە، (پۆشكین) وەك شاعیرێك زۆر گەشەی بە زمانی ڕووسی داوە، بەڵام بەختیار هیچ جوانییەكی بە زمانی كوردی نەبەخشیوە. ئەو وەكو شارەزای زمانە جوانە دێرینەكە نییە —ئەو زمانەی مەلا شكورو مامۆستا

هێمن پێیان نووسیوە–، زمانێکی جوانی تازەشی دانەهێناوە، بەڵام بەپێچەوانەی بەختیارەوە، (شێرکۆ بێکەس) بەشداریی کردووە لە دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردیدا، بۆ ئەو مەسەلەیەش کە بۆچی لەسەر بەختیار قسەم کردووەو لەسەر کۆمەڵێکی تر بێدەنگ بووم؟.. بەڕاستی من لەسەر هەموو کەسێك نانووسم، کەسێك بە داهێنەر نەزانم لەسەری نانووسم. ئەگەر سەرنجی نووسینەکانی من بدەن چ سیاسی بن چ ئەدەبی، هەمیشە لەسەر داهێنەرەکانم نووسیوە، لەسەر ئەوانەم نووسیوە کە جێدەستیان دیارە. کەسێك کە لەولاوە شتێکی نووسیوەو زمانێکی خراپی هەیە، ئەوە هیچ کێشەی من نییە، بەڵام بەختیار کاریگەریتیی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە نووسینەکانیم بەوردی خوێندۆتەوەو بێجگە لە لایەنەکانی زمان، گەلێك لە لایەنەکانی تری ئەو و ئەو تەوژمەشم بەسەرکردۆتەوە.

*** لە کتێبی (رۆشنبیرو دەسەڵات)دا، بابەتێکت لەسەر (عەبدوڵڵا پەشێو)ی شاعیر نووسیوەو ئەو شاعیرەت بەراورد کردووە بە شاعیری عەرەب (موزەفەر نەواب)، لە پەرەگرافێکدا دەڵێی (پێم وایە هیچ شاعیرێکی عەرەب هێندەی (موزەفەر نەواب) گوێگری نییەو هیچ کەسیش هێندەی (عەبدوڵڵا پەشێو) چەپڵەی بۆ لێ نەدراوە...). ئەکرێ بزانین هێڵە نزیکەکانی ئەم دوو شاعیرە چین؟ یان هەست ناکەی ئەم دوو ئاراستە شیعرییە گەلێك لە یەکەوە دووربن، کە تۆ بەراوردت کردوون بەیەک؟**

**ئەو شیعرانەی (پەشێو) کە زۆرترین جەماوەریان هەیە، خراپترین جۆری شیعرەکانی ئەون**

–پێم وانییە دووربن، چونکە (موزەفەر نەواب) شاعیرێکی زۆر جەماوەرییە، من خۆم لە دیمەشق چوومەتە کۆڕی شیعریی، (ئەندۆنیسو مەحمود دەرویش‌و نزار قەبانی) کە گەلێك لەو شاعیرترن، بەڵام هێندەی ئەو جەماوەرو گوێگریان نییە، لەلای ئێمەش (عەبدوڵڵا پەشێو) جەماوەرێکی زۆری هەیە، بەڵام من لەو بابەتەشدا باسمکردووە، ئەو جەماوەر زۆرییەم بە نیشانەیەکی باش لە قەڵەم نەداوە. پێم وایە ئەو شیعرانەی (پەشێو) کە زۆرترین جەماوەریان هەیە، خراپترین جۆری شیعرەکانی ئەون، بۆ موزەفەر نەوابیش هەروەها..

***واتا مەرج نییە دەقێک یان کەسێک ئەگەر جەماوەرێکی زۆری هەبوو، ئەو دەقە یان ئەو کەسە سەرکەوتوو بێت..**

–من پێم وایە گەورەترین میدیا یان گەورەترین حزب ناتوانێ شاعیرێکی گەورە دروستبکات، ئەگەر شاعیرەکە خۆی شاعیرێکی گەورە نەبێ. دەشێ بۆ ساڵانێك بتوانن گوێگر فریو بدەن، بەڵام لە دواییدا ئەوەی داهێنانە دەمێنێتەوە. بەلای منەوە زۆریی جەماوەر نیشانەی بەهرەمەندیی هیچ داهێنەرێك نییە.

***پێت وایە لەناو ئەو هاوکێشانەدا (شێرکۆ بێکەس) یەکێک بێت لەو شاعیرانە؟**

–شێرکۆ بێکەس شاعیرێکی بەتوانایە، ئەگەر حزبو دەسەڵاتێکیشی لەپشتەوە نەبوایەو ئەو هەموو ڕووناکییەشی لەسەر نەبوایە هەر شاعیرێکی بەتوانا دەبوو، بەڵام بەڕاستی شێرکۆ سوودێکی زۆری لەو ڕووناکییە بینیوە کە ئاراستەی کراوە.

***ئایا ئەمە مافی هەموو نووسەرو ئەدیبێکە بەو ئاراستەیە ئیش بۆ خۆی بکات، یان کارکردنی نووسەران بۆ خۆیان شتێکی ناشەرعییە؟**

–هەندێك ئەدیبو نووسەر دەزانن ریکلام بۆ ئیشەکانی خۆیان بکەن، هەندێك نازانن. دەشێ بەهۆی پەیوەندیی (شێرکۆ بێکەس) لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی ئەو فرسەتەی بۆ لوابێ، بەڵام بۆ کەسێکی تر ئەگەر بشخوازێ ئەو رووناکییەی ناخرێتە سەر. من پێم وایە شێرکۆ هەقی خۆیەتی رووناکیی بخرێتە سەر، بەڵام ئەگەر نزیکیی لە یەکێتییەوە نەبووایە، ئەو رووناکییە زۆرەی لەسەر نەدەبوو.

***لەسەرەتای قسەکانتدا وتت خۆم بە رەخنەگرێکی ئەدەبی دەزانم، بەڵام دوا کتێبت (رۆشنبیرو دەسەڵات) بەناونیشانەکەیدا پێدەچێ رەخنەی سیاسی بن، ئەمەش هەر لە ناونیشانەکەیەوە تۆ دەکات بە رەخنەگرێکی سیاسی. ئەگەر ئەم وتارانەی لەم کتێبەدا کۆتکردوونەتەوە تەنها لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بوونایە دوای ماوەیەک بیردەچوونەوەو لە زاکیرەی خوێنەردا نەدەمان، بەڵام کە کرا بە کتێبو خرایە کتێبخانەوە، بەردەوام لەبەرچاو دەبێ، ئەمەش وا دەکات وەک رەخنەگرێکی سیاسی بمێنیتەوە. پرسیارەکەمان ئەوەیە، ئەگەر رەخنەگری ئەدەبیت، بۆچی وتارو رەخنە سیاسییەکانیش لە دووتوێی کتێبدا کۆدەکەیتەوە؟**

–کتێبی (رۆشنبیرو دەسەڵات) کۆمەڵێك بابەتە، بەشی یەکەمیان نووسینێکە بەناوی (رۆشنبیرو دەسەڵات)ەوە، کە (دە–دوانزە) لاپەڕەی کتێبەکەی گرتۆتەوە، بابەتەکانی تری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیو باسی ئەزموونی نووسینو ئەو بابەتانەیە. من پێم وایە لە وەرچەرخانە گرنگەکاندا کە بەسەر هەر میللەتێکدا دێت، رۆشنبیر پێویستە قسەی خۆی هەبێت.

***ئەو رەخنانەی کە تۆ گرتووتن لە سیاسەتو دەسەڵاتداران، پێتوایە هیچ کاریگەرییەکیان هەبووبێ لەسەریان؟ یاخود پێتوایە رەخنە بتوانێ لەم وڵاتەدا دیاردە ناشرینو دزێوەکان بە ئاراستەیەکی باشو تەندروستدا بەرێ؟**

–بەنیسبەت خۆمەوە، بەڵێ رەخنەکانم گوێیان لێ گیراوەو کاریگەرێتیشیان هەبووەو خۆم بەشێوەیەکی راستەوخۆ هەستم بە کاریگەرێتییەکەیان کردووە.

***هەڵبەت لەم وڵاتەی ئێمەدا لەپاڵ کارە ناشرینو دزێوەکاندا، هەندێک کاری باشو جوانیش کراون، بەڵام تۆ تەنها قسە لەسەر ناشرینییەکان دەکەیت. ئایا کاری رۆشنبیر تەنها باسکردنی دیاردە دزێوەکانە؟**

–بەڵێ، ئیشی رۆشنبیری ئەوە نییە قسە لەسەر لایەنە باش و جوانەکانی حزبێك یان دەسەڵاتێك بکات، چونکە هەر حزب و دەسەڵاتێك کۆمەڵێك نووسەرو رۆژنامەنووسو داکۆکیکەری



خۆی هەیە، ئیشی ئەوانە داکۆکیی لێ بکەن. دیارە من هەموو شتێکی جوانم پێ باشە، بەڵام بە ئیشی خۆمی نازانم داکۆکی لەو شتە جوانانە بکەم‌و هەرگیزیش لایەنێکی جوانم بە لایەنێکی تاریك پیشان نەداوە.

***ئەگەر سەیری رەخنە سیاسییەکانی تۆ بکەین دەبینین چەند قسەت بە یەکێتی وتووە، هێندەشت بە پارتی وتووە، بەڵام دواترو پاش گەڕانەوەت لە ئەوروپا، بڕیارت دا لەژێر دەسەڵاتی پارتیدا بژیت. ئایا ئێستا قەناعەتت گۆڕاوەو پێت وایە پارتی لە یەکێتی باشترە، یاخود ئەم بڕیارەت هۆکاری تری لە پشتەوەیە؟**

—من کەس پێی نەوتووم لێرە بژیم، تەنها ئەوەبوو نزیکەی (16-17) ساڵبوو لە ئەوروپا دەژیام‌و بێزاربووبووم لەوێ. مرۆڤ یەکجار دەژیت، پێم ناخۆشبوو بەشێکی زۆری ئەو ژیانەم لە مەنفا بەسەرببەم، ئەمە لایەنێکی، لایەنێکی تری ئەوەیە، دەشێ من چەندم رەخنە لە یەکێتی گرتبێ هێندەشم لە پارتی گرتبێ، ئەو رەخنانە ئەگەر دژی یەکێتی زبر بووبێتن، دژی پارتیش هەر وابوون، بەڵام بەداخەوە یەکێتی تەنگە چیکلدانەترە لە پارتی، لەبەر ئەوە حەزمکرد لە هەولێر بم.

***هەندێك لەو نووسەرو ئەدیبانەی لەسەر پرس‌و کێشەکانی ژن دەنووسن، بەجۆرێك لەجۆرەکان مەرامێکی تایبەتییان هەیە. تۆ کە پانتاییەکی زۆری نووسینەکانت بۆ کێشەی ژنان تەرخانکراوە، ئایا هیچ مەرامێکی تایبەتی نەبووە لە پشت ئەو نووسینانەوە؟**

—لە سەرەتای حەفتاکاندا چوار پێنج ساڵ ئەندامی حزبی شیوعیی عیراقی بووم. پێم وایە هیچ کەس هێندەی شیوعییەکان خەبات ناکات بۆ یەکسانیی نێوان ژن‌و پیاو. ئەوە لەوێوە سەرچاوە دەگرێ‌و من چ خەباتی سیاسی‌و چ رۆشنبیریم کردووە بۆ ئەوەی ژنانیش لەو مافانە پێبەش نەبن‌و هیچ مەبەستێکی تایبەتیم نییەو نەبووە. یەکێك لە لایەنە باشەکانی ئەدەبی سۆفی ئەوەیە، کە سۆفییەکان پێیان وایە خودا جوانییەکانی لە رێگەی ژنەوە نیشان ئەدات و زۆر بە پیرۆزی باسی ژنیان کردووە.

## کاتێك دەنووسم خۆم وەکو پێشمەرگەیەکی ئابلۆقەدراو دێتە بەرچاو

***ئەی تا چەند باوەڕت بە جیاکاری هەیە لەنێوان ئەدەبی ژنان‌و ئەدەبی پیاواندا؟**

—من باوەڕم بە ئەدەبی ژنان هەیەو پێم وایە دوو جۆر ئەدەب هەیە، یەکیان ئەدەبی پیاوانەو ئەوی تریان ئەدەبی ژنانە. ئەگەر ژنێك لەژێر کاریگەرێتیی ئەدەبی پیاوان خۆی رزگار کردبێ، ئەگەر ناویشی لەسەر نەبێ بە دەقەکانیدا دەیناسیتەوە کە نووسەری ئەو دەقە ژنە.

***یەکێك لەو شتانە لەبارەی تۆوە باس دەکرێ، ئەو جیاوازییەیە لەنێوان کاراکتەری کۆمەڵایەتیی حەمەسەعید حەسەن‌و کاراکتەری نووسەریی حەمەسەعید حەسەن، ئەو جیاوازییەش ئەوەیە کە تۆ وەك کەسێکی کۆمەڵایەتی مرۆڤێکی لەسەرخۆو هێمنی‌و زیاد لەوەی چاوەڕوان دەکرێ رێزی بەرامبەر دەگری -کە ئێمە لەم دیدارەدا ئەوەمان بەچاوی خۆمان بینی-، بەڵام لە نووسینەکانتدا جیاوازی لەوەو کەسێکی زۆر تووڕەو زبرو تاڕاددەیەك جنێوفرۆشیش دیاری.**

**دەکرێ باس لە جیاوازیی نووسەرمان بۆ بکەیت وەک کاراکتەری کۆمەڵایەتیو نووسەر وەک کاراکتەری نێو کتێب؟**

—من بە تەوازووعەوە دەڵێم نووسەرم، بەڵام ئەکتەر نیمو ناتوانم تەمسیل بکەم، واتا ئەوە نییە کە ئێوە دەبینم بتوانم بۆ ماوەی سەعاتێک خۆم هێمن نیشان بدەمو دوای ئەوە کەسێکی هەڵەشەبم. بەدرێژایی ژیانم هەر وابووم، بە دەنگی نزم قسە دەکەمو پێم ناخۆشە دەنگ بەرزبکەمەوە. بەڕاستی نووسین شتێکی زۆر جدییە لەلای من. کاتێک دەنووسم خۆم وەکو پێشمەرگەیەکی ئابڵوقەدراو دێتە بەرچاو، چۆن ئەو پێشمەرگە ئابڵوقەدراوە دەیەوێت سوود لە هەموو فیشەکێکی ببینێو بەخەساریان نەدا، منیش زۆر بە وریاییەوە وشەکانم هەڵدەبژێرم. توڕەبوونی من لە خەڵک نییە، بەڵکو لە دیاردەکانە. من ئەوە بە لایەنێکی گەشی نووسینەکانم دەزانم، کاتێک رەخنە لە سیاسەتمەدارێک دەگرم ناوەکەی دەهێنم، رەخنە لە ئەدیبێک بگرم ناوەکەی دەهێنمو سەرچاوەکەی دەستنیشان ئەکەم. من دوو جۆر زمان دەبینم لە رۆژنامەگەریو بواری رۆشنبیریی کوردیدا، زمانێکیان زمانی هێرشبردنە، وشەی بوێر نییە، بەڵکو وشەی رووقایمە، وشەیەکە لە نەزانیو نەبوونی مەعریفەوە هانای بۆ دەبرێ. ئەوەی تریان وشەی بوێرە، کە دەبێ هەمیشە وشەی جوان بێو پێویستە رەخنەمان لە هەر کەسێک گرت چ سیاسەتمەداری بێت یاخود ئەدیب، وشەکان لە شوێنی خۆیاندا بەکاربهێنین.

***وەک باسمانکرد کاراکتەری کۆمەڵایەتیی تۆ جیاوازە لە کاراکتەری نووسینت، لە یەکەمیاندا هێمنو لە دووەمیاندا زبری، هەست ناکەی لەنێو میدیاو راگەیاندنی کوردیدا زیاتر باسی لایەنە زبرییەکەت کرابێو ئەو لایەنەیان زاڵتر کراوەبەسەر لایەنە هێمنییەکەتدا؟**

—بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە بە ڕەخنەگر دەڵێن جنێوفرۆش. خەڵک هەیە بە حساب ئەکادیمییە، کەچی کاتێک رەخنەیەکی ئەدەبیی لێ دەگریت، دەڵێ فلان کەس جنێوی پێ داوم! . من هەستدەکەم لەو لایەنەوە مافم خوراوەو پێم وایە لەو مافخورانەدا تەوژمێکی سیاسی یان تەوژمێکی ئەدەبی هەبوو. ئەو کەسانەی کە رووبەڕووی رەخنەیەکی راستەقینە دەبنەوە، دان بە هەڵەی خۆیاندا نانێن، لەبەر ئەوە بەرامبەرەکەیان بە جنێوفرۆش لە قەڵەمدەدەن، یان بە کەسێکی لە قەڵەمدەدەن، کە زمانی زبرە یان حەزی لە هێرشکردنە. یەکێک لە قوربانییەکانی ئەو دیاردەیە منم.

***هاوڕێیەتیو ڕق دوو شتن، کە هەرگیز نابێ لەکاتی نووسینی رەخنەدا حسابیان بۆ بکرێ، بەڵام ئەگەر سەیری رەخنەی ئەدەبیی کوردی بکەین دەبینین زۆربەیان لەسەر حسابی ئەو دوو شتە نووسراون. لەبەرامبەردا (جورئەت) یەکێکە لەو شتە سەرەکییانەی پێویستە بوونی هەبێت لە کاتی نووسینی رەخنەدا، بەداخەوە ئەمەیان زۆر بە کەمی بەدی دەکرێ لەناو رەخنەگرانی کورددا. ئایا ئەمانە تا چەند زەرەریان بە ئەدەبو رەخنەی ئەدەبیی کوردی گەیاندووە؟**

—بەڕاستی پرسیارێکی جوانت وروژاند، چونکە ئەمە دیاردەیەکی زۆر درێژەو لە سەرەتای حەفتاکانەوە تا ئێستا لە ئەدەبی کوردییدا دەبینرێ، بەڵام لە دوای راپەڕینەوە ئەو دیاردەیە زیادی کردووە. گروپو گروپخوازی هەیە، گروپو گروپخوازیش لەوانەیە وشەیەکی مۆدێرن بێت. ئەتوانین بڵێین رەخنەکە وەکو رەخنەی خێڵی لێهاتووە، واتە خێڵێک خۆیان ستایشی خۆیان دەکەن. شێرکۆ بێکەس قسەیەکی جوانی هەیە، ئەڵێ: پێم بڵێ کێ رەخنەی لە کێ گرتووە، پێت دەڵێم چۆنی

لەسەر نووسیوە!. بەڕاستی ئەوە زیانێکی زۆری گەیاندووە بە رەخنەو رۆشنبیریی کوردی. من بەشبەحالّی خۆم هیچ حوکمدانێکی پێشوەختم لەسەر هیچ ئەدیبێکی کورد نییە، بۆ نموونە دوا کتێبی (شێرکۆ بێکەس) کە دەرچووە، پێشتر هیچ بۆچوونێکم لەسەری نەبوو، بەلاّم دوای خوێندنەوەی هەندێك رەئیم لەسەری داوە.

پێش دەرچوونی کتێبەکە هیچ رستەیەکم نەنووسیوەو قەرارم نەداوە کە کتێبەکە دەرچوو ئەم رستەیە بنووسم. لە دوای سەرهەڵدانی گروپی (رەهەند)ەوە ئەو رەخنەی خێڵەکییە زۆر گەشەی سەند، ئەوان هەر یەکێکیان ستایشی ئەوی تریان دەکات. من پێم وایە پێویستە رەخنەگرانو رۆژنامەنووسان قسە لەسەر ئەو دیاردەیە بکەن. خوێنەر زۆر بە باشی ئەو رەخنانە دەناسێتەوە، کە پێشتر قەراریان لەسەر دراوە، تەنانەت قسە لەسەر ئەوە هەیە، هەندێك لەو رەخنانە پێشەکی پارەیان لەسەر وەردەگیرێ، یاخود داوەتو شتیان لەسەر ئەکرێ، بەلاّم من لە ژیانما ئەو جۆرە رەخنانەم نەنووسیوەو لە داهاتووشدا نایینووسم. (عەبدوڵلاّ پەشێو)و (دڵشاد عەبدوڵلاّ) دوو هاوڕێی نزیکمن، کە کتێبیان دەرچووەو لەسەر کتێبەکانیانم نووسیوە، سەیری کتێبەکانیانم کردووەو ئەوەم لەبەرچاو نەگرتووە، چونکە ئەوانە برادەرمن پێویستە ستایشی درۆزنانەیان بکەم.

***رەخنەی کوردی تەنها بە کۆمەڵێك نووسەرەوە گرتوویەتیو بەردەوام قسە لەسەر ئەوانە دەکرێت، لەبەرامبەردا هەندێك نووسەری تری جددی هەن، کە رەخنەگران بێدەنگن لە ئاستیانداو تا ئێستا کەمترین قسەیان لەبارەوە کراوە. تۆ وەك رەخنەگرێك لە بەرنامەتدا نییە لایەك لەو نووسەرە فەرامۆشکراوانە بکەیتەوەو قسەیان لەسەر بکەی؟.**

—پێشتر من لەو بوارەشدا کارم کردووە، بۆ نموونە لەسەر شاعیرێکی وەکو (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی)م نووسیوە، کە زۆر کەمی لەسەر نووسراوە. لەسەر (پشکۆ نەجمەدین)م نووسیوە، کە زۆر کەمی لەسەر نووسراوە، یاخود رەنگە بڵێم هەر لەسەری نەنووسراوە.. من خۆم وەك رەخنەگرێك فریای هەموو شتێك ناکەوم، بەلاّم ئەگەر هەر بەرهەمێکی تازە دەربچێو سەرنجم رابکێشیو بموروژێنێ لەسەر دەنووسمو هیچ گوێ نادەمە ئەوەی تەنها کۆمەڵێك ناو هەیە، دەبێ لەسەریان بنووسرێ. هەڵبەت بەدڵنیاییەوە هەموو رەخنەگرێك حەز دەکات لەسەر ئەو ئەدیبانە بنووسێ، کە جێگا دەستیان دیارە، بەلاّم من خۆم وا نابینم غەدرم لەوانە کردبێ، کە سەرەتایەکی باشیان هەبووبێتو ئەزموونەکەیانم بینیبێو فەرامۆشم کردبن. ئەوەندەی بوارم هەبووبێ ئەو نووسەرانەو لاوەکانیشم بەسەرکردۆتەوە، بەلاّم حەزدەکەم نموونەم بدەنێ، ئەو کەسانە کێن کە تازە سەریانهەڵداوە یان چەند ساڵێکە سەریانهەڵداوە، بەلاّم فەرامۆشکراون؟.

***مەرج نییە ئەو کەسانەی فەرامۆشکراون نووسەری تازەبن، بۆ نموونە کوان ئەو لێکۆڵینەوە جددییانەی لەسەر (محەمەد مەولود-مەم) نووسراون؟. کوان ئەو لێکۆڵینەوە جددیانەی لەسەر (کاروان عومەر کاکە سوور)ی چیرۆکنووس نووسراون؟. ئەتوانم چەندین ناوی ترت پێ بڵێم، کە رەخنەی کوردی فەرامۆشی کردوون..**

—زۆر راستە، منیش لەگەڵ ئەوەدام، کە ئێمە چەندین شاعیرو چیرۆکنووسو رۆماننووسمان هەن پێویستە زیاتر بایەخیان پێ بدرێ، بەنیسبەت خودی خۆمەوە کەم رێکەوتووە داهێنەرێك هەبێت ناوی نەکەوتبێتە باسەکانی منەوە، بەلاّم وەك خۆتان دەزانن لە وڵاتی ئێمەدا

نووسەر ناتوانێ بە نووسینەکانی بژی، بۆیە رەخنەگرێك بواری ئەوەی نییە هەموو ئەدەبی کوردی بەسەر بکاتەوەو قسە لەسەر هەموو داهێنەرەکان بکات. دەشێت ئەو نووسەرانەی داهێنەر یان نووسەری باشن‌و رووناکیی کەمیان لەسەرە، یەکەم: هونەری ریکلامکردن بۆ خۆیان نەزانن. دووەم: دەشێت پۆستێکی وایان نەبێت، کە هەندێك لەو قەڵەمانەی ئەوەیان بەلاوە گرنگە رابکێشن بەلای خۆیانداو ستایشیان بکات. بێگومان گەلێك ناو هەیە غەدریان لێ کراوەو ئەوەندەی پەیوەندیی بە منەوە هەیە، داوای لێبوردنیان لێ دەکەم.

***زۆربەی نووسەرەکانی دونیاو هەندێکیش لە نووسەرانی لای خۆمان خاوەنی شێوازی تایبەتن لە نووسیندا، ئەگەر سەیری نووسینەکانی تۆیش بکەین، جۆرێك لەو تایبەتمەندییە دەبینین. ئایا تۆ خۆت ویستووتە شێوازێکی تایبەتت هەبێ لە نووسیندا، یاخود خۆڕسك ئەم شتە دروستبووە؟**

–هەر نووسەرێك کە دەبێت بە خاوەنی شێوازی تایبەت، پێم وایە پێشتر بڕیاری نەداوە ببێت بە خاوەنی ئەو شێوازە، بەڵکو لە ئەنجامی ئەزموون‌و نووسینەوە دەبێتە خاوەن شێوازی خۆی. پێم وایە خوێنەران نووسینەکانی من دەناسنەوە. لەوانەیە بەشێکی ئەم ناسینەوەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، زۆر بایەخ بە زمانی نووسینەکانم دەدەم، لەوانەیە ئەمە رووکاری سەرەکیی نووسینەکانم بێت، هەرگیز حەزناکەم لەناو شێوازێکدا خۆم قەتیس بکەم، بەردەوام هەوڵدەدەم خۆم نوێ بکەمەوە، بەلآم پێم وایە ئەو خوێنەرانەی نووسینەکانی من دەخوێننەوە، ئەگەر ناویشمی بەسەرەوە نەبێت هەر دەیناسنەوە.

***وەك دەزانین زمانی شیعر زیاتر زمانی ناسکی‌و خۆشەویستییە، بەلآم تۆ گەلێکجار لەڕێی شیعرەوە رەخنەت گرتووە. بۆچی ئەو رەخنەیەت نەکردووە بە وتارێك‌و لەڕێی نووسینەوە ئەو رەخنەیەت نەگرتووە؟ ئایا هەست ناکەی غەدرت لە شیعر کردبێ؟**

–جیاوازی هەیە لەنێوان شیعرو نەزمدا. ئەو شیعرانەی من کە رەخنەی سیاسی یان کۆمەلآیەتین، خۆم بە شیعریان نازانم، لەو بوارەدا ئەگەر ئازاری شیعرم دابێ، داوای لێبوردن لە خوای شیعر دەکەم. من ساتیرە شیعرم نووسیوە، کە رەخنەی سیاسی‌و ئەدەبین. لە پێشەکیی ئەو جۆرە شیعرانەدا باسم لەوە کردووە، کە من ئەمانە بە شیعر نازانم، هەندێجار رستەی شیعرییان تێدایە، یان لەوانەیە بە زمانی شیعری نووسرابن، بەلآم خۆم سیفەتی شیعریان نادەمێ. ئینجا کاتێك رەخنە لە دیاردەیەکی سیاسی یان کۆمەلآیەتی دەگرم، پێشەکی قەرارم نەداوە چۆن بینووسم، بڕوام بە سروش‌و ئەمجۆرە شتانە نییە، کە بۆ شاعیر بێتە خوارێ، بەلآم گەلێك جار خۆم قەرارم نەداوە کە ئەم دیاردەیە پێویستە بە نەزم نەك شیعر رەخنەی



لێ بگیرێ، بەشێوەیەکی خۆڕسکانە ئەوانە هاتوونەتە کایەوە.

***هەستناکەی لەم قۆناغەی ئێستادا گۆڕانێک هاتبێ بەسەر نووسینتدا؟**

—خۆم بە وشیارییەوە بڕیاری ئەو گۆڕانەم داوە. ئەو وتارو ڕەخنەی ئەدەبیو شیعرو چیرۆکانەی دەیاننووسم، دواتر کۆیاندەکەمەوەو دەیانکەم بە کتێب. ئەوانەی کە سیاسین سەیر دەکەیت دواتر ئەو زیندوێتیو تەڕوبڕیەیان نامێنێ. ئەم حاڵەتە لە هەموو دونیادا وایەو تایبەت نییە تەنها بە ئێمە، بۆ نموونە نووسینەکانی (لینین) ساڵانێکی دوورودرێژ لەلایەن خەڵکییەوە وەك کتێبی پیرۆز سەیر دەکران، بەڵام ئێستا ئەو بایەخەیان نەماوە. ئەگەر نووسینەکانی (لینین) سەد ساڵ بڕیان کردبێ، دیارە نووسینەکانی من لە باشترین حاڵەتدا لەوانەیە سەد مانگیش بڕنەکەن!.

من هەر لە سەرەتای نووسینمەوە حەزم لە بابەتە ڕەخنە ئەدەبییەکان بووەو پێم خۆشە هەر لەو بوارەدا کار بکەم، ئەگینا هیچ پەیوەندیی بەوەوە نییە، کە ئێستا لە هەولێر دادەنیشمو ئەو ئازادییەی لە ئەورووپا هەمبووە، هەستدەکەم لە کوردستانیش هەمە. لێرەش بۆ نموونە لە ڕۆژنامەی (هاولاتی)دا ڕەخنەی وام نووسیوە، کە لە ئەورووپا قەت لەو سنوورەم تێنەدەپەڕاند، دیارە ئێستاش وازم لە ڕەخنەی سیاسی نەهێناوە، بەڵام ئەوەندەی بۆم بکرێ خۆم بۆ بواری ڕەخنەی ئەدەبی تەرخان دەکەم، ئەم حاڵەتەش هیچ پەیوەندیی بە گەڕانەوەم بۆ کوردستان نییەو هیچ جۆرە گوشارێکم لەسەر نییە لێرە.

***وتت خۆم بە ڕەخنەگری ئەدەبی ئەزانمو حەز دەکەم لەو بوارەدا کاربکەم، بەڵام شیعریش دەنووسی. ئایا خۆت بە شاعیر دەزانی؟**

—کەسانێك هەن شیعرەکانی منیان باش هەڵسەنگاندووەو کەمو زۆر شیعرەکانم خوێنەریان هەیە، بەڵام خۆم، خۆم بە شاعیرێکی پلە یەکی بواری شیعری کوردی نازانم.

***تۆ لە حەفتاکاندا ساڵانێکی زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری ڕۆشنبیریی کوردی بوویتو دواتر بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دوورکەوتیتەوە، ئێستا جارێکی تر گەڕاویتەوەو بەتەواوی لە ناوەندەکە نزیکی، هەرچەندە پێشتریش باش ئاگاداری بواری بڵاوکردنەوە بوویت، بەڵام لە کۆڕو کۆبوونەوەکان دوورکەوتبوویتەوە. ئێستا کە گەڕاویتەوە نەوەیەکی تازە پەیدابووەو زۆربەی شتەکان گۆڕاون. لایەنە جوانو ناشرینەکانی ئەو گۆڕانکارییانە چین لەنێوان ئەو دوو زەمەنەدا؟**

**زۆر لەوانەی لە حەفتاکاندا بواری ئەوەیان نەبوو ناویان لە پۆستەی خوێنەرانیشدا بێ، دەشێ ئێستا سەرنووسەربن**

—ئەو فەترەیەی کە لە ئەورووپا بووم، بەتایبەت لەم شەش حەوت ساڵەی دواییدا کە ئینتەرنێت بەشێوەیەکی فراوان لە ئەورووپا بڵاوبووەوە، بەباشی ئاگام لە بواری ڕۆشنبیریی کوردی هەبووە، وەك چۆن ئاگام لە بواری سیاسیش بووە، بەڵام چوار پێنج ساڵێك لە شاخ بووم، تەنها ئەو چوار پێنج ساڵە لە ئەدەبی کوردی دابڕام. ئەتوانم بڵێم بەتایبەتی لەدوای ڕاپەڕینەوە لە نزیکەوە ئاگاداری بزووتنەوەی ئەدەبیی کوردیم. دیارە خەڵك هەمیشە نۆستالیژیای هەیەو بەردەوام باس لە جوانییەکانی ڕابردووی دەکات، بەڵام من پێم وایە هەموو قۆناغێك جوانیو ناشرینیی خۆی هەیە. دەشێ هەندێ

لایەنی ئێستا جوانتربێ لە سەرەتای حەفتاکان، بەپێچەوانەشەوە. یەکێ لە لایەنە خراپو تاریکەکانی دوای راپەڕین ئەوەیە، کە گۆڤارو رۆژنامەیەکی زۆر بەربڵاو بڵاودەبێتەوە. ئەمە وایکردووە شتێك نەماوە بەناوی گۆشەی (پۆستەی خوێنەران). زۆر لەوانەی لە حەفتاکاندا بواری ئەوەیان نەبوو ناویان لە پۆستەی خوێنەرانیشدا بێ، دەشێ ئێستا سەرنووسەربن!.

ئەمە لایەنێکی خراپەو پێم خۆشە دەسەلاتدارانی ئەم وڵاتە کۆمیتەیەك پێکبهێنن، بۆ ئەوەی بە هەموو ئەو رۆژنامەو هەفتەنامەو مانگنامەو گۆڤارانەدا بچنەوە، ئەوانەی کە بێکەڵکنو بە زمانێکی پیسو دوور لە جوانی دەنووسن کۆمەك نەکرێنو هاوکارییان نەکرێ. پێویستە یەکێتیی نووسەرانو سەندیکای رۆژنامەنووسانیش لەو بارەیەوە قسەی خۆیان هەبێ، هەروەها ئەوەندەی شیعری کوردی لەم قۆناغەی دوای راپەڕیندا پەرێشانە، بەڕاستی کاتی خۆی هێندە پەرێشان نەبوو، بەڵام سەیر دەکەم لەم قۆناغەی دوای راپەڕیندا گەلێك دیاردەی جوانیش هاتوونەتە پێشەوە، بۆ نموونە پەیدابوونو سەرهەڵدانی کۆمەڵێك دەنگی باشی ئافرەت، هەروەها کۆمەڵێك دەنگی نوێش هاتوونەتەکایەوە، بەڵام بەداخەوە بەشی زۆری ئەوانەی رەخنەی ئەدەبی دەنووسن، وەك خێڵەکییەك دەنووسن، ئەمە کارێکی کردووە، ئەو کەسانەی پێویستە گرنگییان پێ بدرێ گرنگییان پێ نەدراوە، ئەمە لایەنێکی تاریکی بواری رۆشنبیریی کوردییە.

***دیارە هەمووومان لەسەر ئەوە کۆکین، کە نووسەر پێویستە بەشێوەیەکی شەرعی خوێنەر بۆخۆی پەیدا بکاتو ئیش بۆ خۆی بکات، بەڵام تۆ بۆچی بیرت لەوە نەکردۆتەوە، یەکێك بیت لەو کەسانەی کە بەشێوەیەکی شەرعی ئیش بۆ خوێنەری خۆت بکەی؟. مەبەستم ئەوەیە، بۆچی لە بەشێکی ئەم پارچەیەی کوردستان دابڕاویتو بابەتەکانت تەنها لە بڵاوکراوەکانی هەولێردا بڵاودەکەیتەوەو لە سلێمانی هیچ بڵاوناکەیتەوە، لەکاتێکدا چەندین بڵاوکراوەو دەزگای باشو گرنگ لە سلێمانیش هەیە؟**

—هەرگیز بڕیارم نەداوە کە نووسینەکانم بۆ سلێمانی نەنێرم، بۆ نموونە لە (هاولاتی) نووسینی من گەلێك جار بڵاوبوونەتەوە، تەنانەت ئەو سەردەمەی کاك عادل موراد بەرپرسی راگەیاندنی یەکێتی بوو، نووسینەکانم لە (کوردستانی نوێ)ش چەند جارێك بڵاوبوونەتەوە. من هیچ بڵاوکراوەیەکم نەخستۆتە ناو فایلی رەشەوە، بەڵام ئەگەر هەر دەزگایەك لە سلێمانی ئامادەییان هەبێ کتێبی من بڵاوبکەنەوە، خۆشحاڵ دەبم. پێم وایە نووسینی باش ئەگەر لە سلێمانی یان لە ئەوروپا بڵاوبێتەوە، درەنگیش بێت شوێنی خۆی هەر دەکاتەوە. بەڕاستی لەو بوارەدا شارەزاییم نییە، کە ریکلام بۆ نووسینەکانی خۆم بکەمو بەپێویستیشی نازانم. پێم وایە نووسەری باش هەر ئەمێنێتەوە، ریکلامی ساختەو پشتگیریی خێڵەکییانە هەرگیز سەرکەوتن بۆ نووسەر دەستەبەر ناکەن.

***ئەی بیرت لەوە نەکردۆتەوە هیچ دەستپێشخەرییەکی لەو جۆرە بکەی، بۆ نموونە کتێبێکی خۆت بەری بۆ دەزگایەکی سلێمانی، بزانی ئایا رەفز دەبێ یان نا؟**

—دیارە من ئەزانم لە دەزگاکان چی رەفز ئەبێو چی رەفز نابێ، بۆ نموونە رەخنە لە یەکێتی بگرێو بینێری بۆ دەزگایەکی سەر بە یەکێتی رەفز دەبێ، یان رەخنە لە پارتی بگرێو بینێری بۆ دەزگایەکی سەر بە پارتی رەفز ئەبێ... وەك وتم من زیاتر رەخنەی ئەدەبی ئەنووسم، بۆیە پێم وایە ئەگەر کتێبێکی رەخنەی ئەدەبی یان شیعر بنێرم بۆ سلێمانیش رەنگە رەفز نەبێ، ئەگەر رەفزیش ببێ لەبەر ناوەکەم رەفز دەبێ نەك لەبەر نووسینەکە.